# شەپۆلی ناڵە و ڕامانی کتوپڕ

| | |
|---|---|
| **سکاندیناڤیا_ دورگەیەکی تر لە بخوور**<br>**چاپخانەی**<br>**Tranan 2004**<br>**Swed/Stockholm**<br>هەندرێن | **شەپۆلی ناڵەو**<br>**ڕامانی کوتوپڕ**<br>هەندرێن |
|  | <br> |

یەکەم جار کە کتێبەکە لە دەست دەگرم بەرگە ڕەنگینەکەی زۆر دلگیر م ناکا . لێ دوای ئەوەی کە " سکاندیناڤیا _ دورگەیەکی تر لە بخوور" ی هەندرێن م خوێندەوە بە باشی دەروانمە ئەو تابلۆیەیەی کە زادەی خەیالی شاعیر خۆیەتی. لە ڕۆناکایی دەقەکانەوە ئەو وێنەیە ڕاستەوخو باشتر دەدوێ. ڕەنگی پاستیلی تێکهەلچرژاون و دیمەنی کێلگەی بێ شێوەیان وەدی هێناوە. شەپەنگی جیاجیا ی کەسک و شین خەیال بەرەو دەڤەرێک لە لێرەوار ، مێرگ و ئاو ڕادەکێشن.هێلە تاریکەکان دەشێ سێبەری هەور بن. ئەوە وێنایەکە لە سەرەوە ، یاخۆ سروشێکە لە هەواوە ؟ وێنەکە دیارە هەموشت لە مانە نیشان دەدات ، و هیچیش نیشان نادات.

هەندرێن لە شیعرەکانیشی دا دیارە هەول نادات دروست وێنەی واقیعەکە بکێشێ.

" سال.. \ وەرزەکان..\ ڕەنگی یەکدی دەگرن\ دەنگەکان لێکهەلدەکالێن \ و بۆشاییەکان دەلەرنەوە " لە شیعری " دەفتەری سال و قەلەمی تەم" . هەلبەت ئەو دێرانە ڕەنگدانەوەی بەرگی کتێبەکەیە، کە شیعرەکەی لەوێ وشە بە وشەوە دەئالێت لەنێو ساز و ڕازی دەنگدا. _ " کات چەمەندەفەری سال لێدەخورێ \ گەلای فرمێسکی سەر ئەو تارمەیە تا پشت ئەم پەردەیە دەرسکێ \!، " _ شیعرەکان لەبەردەم ناوەرۆکی هەمو وشەیەک و لە دەرەوەی وەسفی هەر وشەیەک گینگل دەدەن.

با لە پێشرا بلێم ئەمن حەزم لەم جۆرە شیعرەیە . هەندرێن روبارگەلێک لە ناڵە، پرسین، ڕێکەوتی چاوەڕوانی نەکراو ، و ڕوانینی مەتەلۆکئامێز پێشکەشی خوینەرەوە دەکات . جار هەیە ، دروست لەو شیعرەی کە لە سەرەتای بەشی یەکەمی ئەم کۆمەلەیەدا هاتووە ، " دوانوێژی چیا، و سەفەری مەحال" _ تابلۆ یان وێنەی گرگرتووی پرشنگدار خۆیان وێنە دەکەن: تەنیا ڕێگای کاکێشانە لەم کۆچەدا ، قۆلی لە قۆلمان کردووەو کورسی گۆرانیە شینەکانە ، کە ڕۆژانە وریتەی برینی لێوەکانمان هێور دەکات " ( لە شیعری بە جێمان) . بەلام لێرەدا زمان بە زۆری گشتگر و بێ بریار دەمێنێتەوە.

به لێشاوی دەولەمەندی پەیڤ ، و ئیلهامی رەنگینی بریسکەدار ، و ئاهەنگیکی بەرزەفردا ، بەتایبەتی لە بەشی دوەمی کۆشیعری " ئێستا زەمەنی بکوژانە" ، هەندرێن خۆ دەبەستێتەوە بە سوننەتیکی شیعریانە کە رەگەکەی لە شیعرە مەستەکانی " رامبۆ" دایە ، کە سوریالیستەکانیش سەر بەم رەگەن. هەندرێن نامەگەلێکی رامبو و لە شیعری ئەدونیس ی شاعیری سوریایی بۆ کوردی وەرگێراوەتەوە و لە گۆڤارە کوردیەکان بلاوکراونەتەوە . و ا دەبینم شوێنی ئەم شاعیرە ( رامبۆ_ وەرگێر) لە هەندرێن باش عەیانە. هەمان چری و پلورالیزمی پارادوکسەکان ( مفارقات) لە کن هەردووکیان دەبینرێن ، و هاوکاتیش ژیانی کۆچەریەتی وەکو تێمایەکی هەمیشە لای هەردوکیان بەرچاون. شیعری هەندرێن ئاهەنگیکی لێلتر و وێرانتری هەیە ، لە هی ئەو شاعیرە قەدیمە، کە لە دەقەکانیدا وێرای هەموشت بوار دەهێلێتەوە بۆ لەدایکبونەوە.

هەندرێن دوای چەندین سال پێشمەرگایەتی لە کوردستان ، و ژیان لە ئوردوگای ئێراندا بەرێگای تورکیا وە لە سالی 1991 گەیشتە سوید و لەو رۆژەوە لە تاراوگەدا دەژی . سێ کۆمەلەشیعری بە کوردی لە چاپداوە . شیعرەکانی " سکاندیناڤیا _ دورگەیەکی تر لە بخوور" جگە لە هەندیکیان ، شاعیر بە کوردی نووسیویەتی ، و کردوویەتی بە سویدی ، بە یارمەتی هەندێ کەسی وەرگێر. ئەزموونی رابردووی هەندرێن هەمیشە لە شیعرەکانیدا حازرە ، بۆ نموونە لەو تێهەلکێشانە چاوەروان نەکراوەدا کە لەدەرگا دان و نامۆییدا خۆدەنوێنێ : " لە دەرگای نامۆیی دەدەم لە جوغرافیایەکدا تەم سەردوولکەیەکم بۆ دەچرێ" .

لێرەدا پەیدۆزی هەوییەت و شوێن هەمان کێشە و یەک کێشەیە. لە ساتێکدا دەلێی قەدەری ژیانی فەرد وەسف دەکرێت و لە ساتێکی دیکەشدا تێکرای مرۆڤایەتی. لە

" کۆترە مەستەکان" دا خودا خۆیەتی لە ئەبەدیەتدا سەری هەلگرتووە: " خوا بە چرای دەستیەوە بەناو ئەبەدییەتییەکەی بەرەو کوێ رای دەکرد؟ .... " ؟ .. و لە " زەمەنی بکوژان" دا دەلێ : " ئەی ئەستێرەکان ! لێرە لەم ئاسمانی تاراوگەیەدا پەنایەک وەرگرن!

: مخابن ئەستێرەکان ، مخابن" . لە بەرامبەر ئەم بۆشاییەدا ئەزی شاعیر بە کۆمەکی وشە خۆ دەپارێزێ : " هانایەک دوور دوور لە بۆشاییەکەدا دەنگ دەداتەوە " ( زەمەنی بکوژان) .

لە شیعرگەلێکدا باس لە دەستکردی رستن و چنین دەکرێت وەکو دەردی بێمالی ، و ئەو سەرقالیەش بە نۆرەی خۆی دەبێتە هی داستانبێژەکە.

لەبەر ئەوەی دەقەکانی هەندرێن پچرێچرن و بە خاسلەت بۆ روونکردنەوە کەوی نابن ، بۆیە وا حالی دەبین کە رستنی زمانییەکەی قەت تەواو و کۆتایی نایەت.

ئەم غیابەی کە شاعیر بە شێوەگەلێک دەینوێنێ لە تەونەکەدا کونی گەورەگەورەی بەجیهێشتووە و وشە چاریان ناکات. بە خوێندنەوەیەکی وا مرۆ دەبێ رازی بێت _ ئەگەر دوایین خوێندنەوەی دەق نەبێت_ " زەمەنە سەرابیەکانی سەرپشتی مانگایەک " . بە زمانێکی روون و رەوان لێرەدا باس لە دیمەنگەلیکی ئەزی زارۆکایەتی لە کوردستانی باشوور دەکرێت ؛ وەسفی ئەستێرەی واقیعی دەکرێت کە لەسەرسەرێ مندالەکەیە کە لەسەربانێک خەوتووە، و قسە لەمەر دەنگی سەمای دەروێشان و زیکریان بۆ خودا، دەکرێ. لێرەدا دەقەکان رێکدەکەون و بۆ هەوەل جار لە ئینسانگەلی حازر و جێگەیەکی دیاروناسراو دەگێرنەوە. بەو کۆتاییە کۆمەلەشیعرەکە بەرگێک لە هومێد بە خۆ دەبینێ و دواجار رستن و چنینی وشەگەل کۆتایی دێ.

ماریا وینەرستروم وۆرنە
**MARIA WENNERSTRÖM WOHRNE**

**KARAVAN NR 3 2004**
**SIDAN 91**

وەرگێرنانەوە لە سویدییەوە: حەمید کەشکۆلی